وەزارەتی پێشمەرگە پلەبەرزکردنی هەشت هەزار و 168 پێشمەرگە و پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیاند



وەزارەتی پێشمەرگە ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاندووە، پلەی هەشت هەزار و 168 پێشمەرگە و پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە بەرز کرایەوە.

لە نووسراوێکی وەزارەتی پێشمەرگەدا هاتووە، بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە2307 لە بەرواری 6-2025-2، کە ئیمزای وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەرە، پلەی 8168 پێشمەرگە و پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە لە خشتەی ئێیلوولی ساڵی 2024، بەرز کرایەوە.

وەزیری پێشمەرگە باسی لەوە کردووە، لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان لە وەزارەتی پێشمەرگە بە پشتیوانیی سەرکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، توانیومانە پلەبەرزکردنەوەی پێشمەرگە و پلەدارانی وەزارەتی پێشمەرگە بخەینە سەر ڕێچکەی ئاسایی و یاسایی خۆی، لە پاڵ ئەوەشدا، دابینکردنی مافەکانی پێشمەرگە و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان، لە ئەولەویەتی کاری وەزارەتی پێشمەرگە و پرۆسەی چاکسازیی بووە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لەگەڵ دابینکردنی مافەکانی پێشمەرگە، پێویستە پێشمەرگە هەمیشە لە بەرەوپێشچوون و بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکانیدا بێت.